# ئەوینێکی نادیار

(هۆنراوەی سەردەم بەشێوازی کلاسیك)

***

**کامیل ژیر**

***

ئەم ئەوینە تاکو کەی بڕژێتە جۆگەی نادیار !؟
پێکەنین و تووڕەبوونت، دوونیشانەی دژبەیەك
وا تەمەن ئەڕوا بەخێرایی کەچی تۆ دەرکەنار
وەك نەبیستێ یانەدوویەك،بێ وتار و چرپەیەك !

*

هەر کەئەگرم رێگەیەك بۆچۆڵی بێخەم،دوورەشار
رێگە ئەگری، نا یەڵی دەرچم بژیم بێ دەردی سەر
دێمەوە دەرباری رێگەت وەك گەدایەك کەفتەکار
پێمئەڵێی : جارێ لەکوێتە،من گوڵێکم تازەبەر !

*

چش لەمن ، با تۆ گوڵیشبی ، شا گوڵاڵەی لالەزار
چەن گوڵی بۆنخۆشودەگمەن نابەکاوێ هەڵوەرین؟
ئەو دڵانەی ئەبنە لانەی خۆشەویستی ، کۆڵەوار
شەو بە ئاه و ژان و تاوە سەر ئەنینە سەر سەرین!

*

تاڵەموویەك وا لە بەینا رایئەکیشین جاروبار
تاڵیچی!شیلەی هەنگوینە،بەردەوامبێ تاڵی وا
پەلکەزێڕینەی بەهارە ، گەوهەرە بۆ یادگار
بەوموە تا ئێستە ماوم ،مژدەبەخش و جێ هیوا

گیانەکەم ئەم رەوت و رێیە، تیری نازە، یا گوشار ؟
خۆشەویستیی شەرمنە؟یا دەرفەتە بۆ زام و ئێش؟
با ئیتر بەسبێ تەم و خەم ، کورتە ژینی لێوبەبار
چەن مەموزین بێ گەیشتن بوونەخاکوخۆڵەمێش؟!